لەگەرمیان لە سێ رووداوی هاتووچۆدا شەش بریندار لەکەوتوو



هاتووچۆی گەرمیان لە راگەیەندراوێکدا سێ رووداوی هاتووچۆی لە کلار خستووە کە بووتە هۆی برینداربوونی شەش کەس.

هاتووچۆی گەرمیان رایگەیاند، لە سێ رووداوی جیادا کە یەکێکیان لە نێوان ئۆتۆمبێلێک و باسکیل سوارێکدا بووە لە ئێستادا پاسکیل سوارەکە بریندارە و لەدایکبووی ساڵی ٢٠١٤ە.

هەروەها هاتووچۆی گەرمیان ئاماژەی بۆشکرد، لە رووداوێکی تری پێکدادان لەنێوان دوو ماتۆسکیل لە "شەقامی سەد ماڵەکە " رووبدا بەهێزە لەخۆی هەردوو ماتۆ سکیلەکە بریندارببوون کە یەکێکیان لەدایک بووی ١٩٩٧ و ئەوی دیکە ٢٠٠٦.

هاوکات ئۆشی خستووە، لە رووداوی سێیەم لە ترافیک لایتی نزیک مزگەوتی بوخاری رووبدا لەنێوان نیسان سەنی و تۆیۆتا کراون بەهێزە سێ کەس بریندارببوون بریندارەکان شۆفێری هەردوو ئۆتۆمبێلەکە و سەرنشینێکی نیسان سەنیەکێ و بریندارەکان لەدایک بووی١٩٨٥ و ١٩٨٢ و ٢٠٠٦ە.